
# جیاوازی یەکەم خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانی تر چییە؟!



■ زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیاندا، بەتایبەتیش لەسەر وەختی هەرزەکاریدا، بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆشەویستییان کردووە. جا یا ئەوەتا لەو خۆشەویستییەدا ناکام و نائومێد و بێ دەرەنجام بوونە، کە زۆربەی جارانیش بەم شێوەیە، ئەو جۆرە خۆشەویستییە کۆتایی پێهاتووە یانیش زۆر کەم رێککەوتووە ئەو خۆشەویستییە بووبێتە هۆی بەیەکگەیشتنی هەردوو خۆشەویست. جا ئەوەی کە لێرەدا دەیوروژێنین ئەوەیە، ئەگەر ئەو خۆشەویستییە نەگەیشتە ئەنجام و دوو خۆشەویستەکە نەگەیشتنە یەك و نەبوونە هاوسەری یەکتر، ئایا ئەو خۆشەویستییە لە بیر دەکرێت، تا چەند دەبێتە مایەی ئیرەیی و (غیرە) لە یەککردنی نێوان دوو هاوسەر، کە هەردووکیان یان یەکێکیان ئەو رابردووەی هەبێت..؟■

**کوڕێک: تا ئێستاش بە خەیاڵی یەکەم خۆشەویستیم دەژیم**



هەندێك کەس لەو بڕوایەدان کە خۆشەویستی یەکەم زۆر بە زەحمەت لەبیر دەکرێت، یان هەر لەبیر ناکرێت بەڵام شوێنەوارەکەی تەنیا لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە و بەس. لەو رووەوە ئەندازیار (ژیار سێوکانی) لە بیرکردنی خۆشەویستی یەکەم بە شتێکی مەحاڵ دەزانێ، بەڵام پێی وایە لە رووی کاریگەرییەوە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. ئەو دەڵێ: پێموانییە مرۆڤ بتوانێ خۆشەویستی یەکەم لە یاد بکات، بەتایبەتی هی سەردەمی هەرزەکاری. چونکە مرۆڤ لەو سەردەمەدا زۆر دڵناسك و هەستیار و شاعیرانەیە، خۆی سروشتی خۆشەویستی ئەو قۆناغەش وایە کە خۆشەویستییەکی پاکیزەیی (واتە عذری)یە. بۆیە مرۆڤ زۆر پێی کاریگەر دەبێت.

من کە هێشتا ژنم نەهێناوە و تەمەنیشم (٢٦) ساڵە، بەڵام یەکەم خۆشەویستیم کە لە تەمەنی (١٧)ساڵیدا بوو، هەرچەندە ماوەکەشی کەم بوو، تەنیا (٤-٥)مانگێکی خایاند، بەڵام هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، بە دڵ حەزیش دەکەم ئەگەر بشێ رۆژێك لە رۆژان، دیسان بتوانم ئەو خۆشەویستییەم بژێنمەوە، دووبارە ئەو کچەم خۆش دەوێتەوە، بەڵام ئەوە قەت روونادات‌ەوە چونکە کچەکە ساڵانێکە شووی کردووە. تەنانەت ئەو یەك دوو جارەش کە بە رێکەوت بینیومە، کۆڵێك خەمم خواردووە و برینم کولاوەتەوە. چەندین رۆژ کەوتوومەتە نێو داڵغە و تێڕامانەوە. بەڵام تازە چ فایدەیە، رۆیشت و رۆژگار لە یەکی کردین و ببڕای ببڕ ناتوانین رابردوومان دووبارە بکەینەوە. هەر بۆیەشە تا ئێستاش بە خەیاڵی ئەو خۆشەویستییە دەژیم.

**کچێک: یەکەم خۆشەویستیم تەنیا یادگارییەکە و بەس**



هەندێك کەسیش پێیان وایە کە خۆشەویستی یەکەم وەك یادگارێك لە دڵ و دەروونمان دەمێنێتەوە و بەس. واتە خەیاڵێکە و دەستەمۆ کراوە. هەوەك خاتوو (ئەژین رەشاد) دەڵێ: یەکەم خۆشەویستیم لە تەمەنی (١٥) ساڵیدابوو. لەگەڵ کوڕێك یەکترمان خۆشویست. بەڵام خۆشەویستییەکە چونکە شەرمێکی هەرزەکارانەی تێدابوو تەنیا یەکتر دیتن بوو، لەسەربانی ماڵەوە. ئەو کوڕەی کە خۆشم دەویست دراوسێمان بوو، ماڵمان لە تەنیشت یەك بوو، تەنیا دیوارێکمان بەین بوو، ئەوان کە ساڵێك بوو هاتبوونە ئەو خانووە، لەگەڵ کوڕەکەیان کە وەکو من پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو، هەردووکمان تاقیکردنەوەی بەکالۆریامان هەبوو، بەو هۆیەوە کە کتێب و دەفتەرمان لە یەك دەخواست، لێك نزیك بووینەوە و ئیدی دوای ماوەیەك یەکتریمان خۆش ویست. جا رۆژێك نا رۆژێك یان یەك دوو رۆژ جارێك بە بیانووی تاقیکردنەوە و خوێندن دەچووینە سەربان و لەسەر ئەو ستارەیەی کە سەربانی ماڵی هەردووکمانی لێك جیا دەکردەوە کتێبەکانمان دادەنا و ئەو لەو بەرە منیش لەو بەرە، بەرامبەر یەك دەکەوتینە ئاخاوتن.. دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکان، ماڵی ئەوان لە گەڕەکەکەی ئێمە باری کرد و لەگەڵ کوڕەکە لێکدابڕاین.. ئینجا ئێستاش لە بیرمە ئەو رۆژەی کە کوڕەکە هەواڵی دامێ کە دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە ماڵیان باردەکەن و دەڕۆن، خۆم بۆ نەگیرا و بە چاوی پڕ فرمێسکەوە لەسەربان هاتمە خوارەوە و چوومە ژوورەکەی خۆم، تێر و پڕ گریام. ئەو رۆژەی هەواڵەکەی دامێ تا بارکردنیان، نزیکەی پێنج رۆژی خایاند، ئەو ماوەیە ئۆقرەم لێ بڕابوو، دڵتەنگ و نیگەران و هەمیشە ماخولانم بووم بەڵام ئیدی قەدەرمان وابوو لێکدابڕێین و جودابینەوە. تا نزیکەی ساڵێکی دوایش شوێنەواری لەسەرم مابوو، هەمیشە لە خەیاڵ و بیروهۆشم بوو. بەڵام پاشان وردە وردە کاریگەرییەکەی لەسەرم

کەمبوّوە دواتر ئەوەی زۆر پێی دڵتەنگ بووم، ئەو کوڕە بۆ رۆژێکیش بەلای ماڵمانەوە نەهات، چۆن رۆیی، ئیدی جارێکی تر بەدیار نەکەوتەوە. منیش هەوڵمدا ئیتر لە بیری بکەم. کە چوومە زانکۆ بە تەواوەتی شوێنەواری لەناو هەست و دەروونم کەم بۆوە و تەنیا وەك خەیاڵێکی خۆشی سەردەمێکی ژیانی هەرزەکاریم مایەوە. ئێستا تەنیا یادگارییێکە و، خۆشەویستییەکی هەرزەکارانەم بوو بەس.

ئەزموونی خۆشەویستی یەکەم، یان وەك دەڵێن یەکەمین خۆشەویستی لای هەندێك کەس مایەی ئیرەی و زۆرجاریش دەبێتە هۆی (غیرە) کردن. خاتوو (نەجیبە سابیر) کە فەرمانبەرە و تەمەنی (٣١)ساڵە، نزیکەی هەشت ساڵیش دەبێ کە شووی کردووە یەکێ لەوانەیە بەڕاشکاوی دان بەوە دادەنێ کە ئەو حەز ناکات مێردەکەی هیچ کاتێك باسی یەکەم خۆشەویستی خۆی بۆ بکات، تەنانەت ئەگەر تەنیا وەك گێڕانەوەی سەربوردەیەکیش بێت. ئەو دەڵێ: تازە لەگەڵ مێردەکەم زەماوەندمان کردبوو کە ئەو هەندێ جار ئەگەر بۆ شۆخی بێ یان بە مەبەستی گێڕانەوەی یادگارەکانی بێ، باسی یەکەمین خۆشەویستی خۆی بۆ دەکردم کە لە سەردەمی هەرزەکاریدا کردوویەتی. سەرەتا هەر وەك شتێکی ئاسایی وەرمدەگرت، بەڵام دواتر کە رێکدەکەوت ئەو باسەی دەگێڕایەوە زۆرم پێ ناخۆش بوو، بە تەواوەتی قەڵس و بێزار دەبووم. هاوسەرەکەشم کە زانی بەڕاستی گێڕانەوەی ئەو جۆرە یادگارییانە تووڕە و قەڵسم دەکات و پێی نیگەران دەبم، رێزی لە هەست و سۆزم دەنا و بەڵێنی دامێ کە چیتر ئەو باسانە نەکاتەوە. ئیتر چیدیکە ئەو باسە بێزارکەرانەم نەبیست و لە کۆڵی کردمەوە. هەر چەندە ئەو دەیگوت ئەمە تەنیا رابردوویەکە و مەحاڵە رۆژگار بۆ دواوە بگەڕێتەوە و دووبارە ئەو شتانەی رابردوو رووبدەنەوە، بەڵام من لە رووی دروونییەوە هەر پێم ناخۆش بوو.

●●●
**ژنێک:**
**حەز ناکەم مێردەکەم**
**باسی یەکەم خۆشەویستی**
**خۆیم بۆ بکات**
●●●

ئەگەر بۆ ژنێك ئەستەم بێ قبوڵ بکات پیاوەکەی باسی رابردووی عاتیفی خۆی بکات، ئەی پیاو بەرگەی گێڕانەوەی ئەو جۆرە رابردووانەی ژنەکەی دەگرێ؟ با بزانین (سەرباز عەلی) کە وەستای خانووە چی دەڵێ: بۆ پیاو زۆر زەحمەتە قبوڵ بکات ژنەکەی باسی مێژووی دڵداری خۆی بۆ بکات. ئاخر ئەوە چۆن دەبێ؟ من بەرێکەوت لە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیم باسێکی لەو جۆرەم لەگەڵ خێزانەکەم کردەوە ئەو شێتگیر بوو. کە ئەویش شتێکی لەو بابەتەی خۆی بۆم گێڕایەوە من هەر ئەوەندەم پێی گوت جارێکی تر قسەی وەهات لەزار نەیەتە دەرەوە. چونکە گوتم ئەگەر جارێکی تر قسەی وەهات لێ ببیستم مەحاڵە بتوان لەگەڵم بژی.

●●●
**پیاوێک:**
**ئەگەر ژنەکەم جارێکی**
**تر باسی خۆشەویستی**
**یەکەمی خۆیم**
**بۆ بکات مەحاڵە بهێڵم**
**لەگەڵم بژی**
●●●

بەڵام هەندێك پیاوی تر ئەمە بە شتێکی ئاسایی دادەنێن و بە بەشێك لە رابردووی ژیانی هەرزەکاری و گەنجێتی مرۆڤی دەزانن.

مامۆستا (سالار محەمەد) کە مامۆستای دواناوەندییە دەڵێ:

من یەکەمین خۆشەویستی بە ئەزموونێکی خۆش دەبینم چ کچ پێیدا رەت بووبێ چ کوڕ. بە مەرجێك خۆشەویستییەکە وەك دەڵێن خۆشەویستییەکی (عذری) بێت. تەنیا هەست و سۆز بێت. ئەگەر لەو چوارچێوەیە بێت چ قەیدییە مرۆڤ وەك ئەزموون و رابردوویەك، وەك یادگارییەك بۆ خۆشی بیگێڕێتەوە.





# لەبیرکردن نیعمەتێکە ژیان جوانتر دەکات!!



■ لە توێژینەوەیەکی زانستییدا کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەمریکی پێی هەستاوە، هاتووە ئەو کەسانەی ڕۆژانە زیاد لەپێویست کار دەکەن و یان بەهۆی سروشتی پیشەکەیانەوە قسە زۆر دەکەن زیاتر لەکەسانی دیکە ڕووبەڕووی لەبیرکردن دەبنەوە، هەمان توێژینەوە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لەبیرکردن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تەمەنەوە نییەو گەنجانیش هاوشێوەی پیرەکان تووشی دەبن، هەر لە توێژینەوەی ناوبراودا باس لەوەکراوە لەبیرکردن بە تایبەتی لەبیرکردنی ڕووداوو هەڵوێستە ناسروشت و ناخۆشەکان میکانیزمێکی بەسوودە بۆ دەروونی مرۆڤ تابتوانێ ڕێك و تەندروست بەردەوامی بە ژیانی خۆی بداو لە گرێ و نەخۆشییە دەروونییەکان بەدووربێ. ■

ئا: بێگەرد حوسێن

- خاتوو (تابان عەبدوولا)ی تەمەن (٢٢) ساڵان وێڕای ئەو قسانە پێی وایە (لەبیرکردن) چاکترین میکانیزمە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوانەی غەدرو ناپاکیت لێدەکەن ، چونکە وەك ئەو دەڵێت: (گەر لەبیرکردن نەبوایە ژیانی مرۆڤ مەحاڵ دەبوو)

(تابان) قوتابی کۆلێژە باســـی لەوەکرد زۆر قسەو کرداری مرۆڤی ئەو زەمانە هێندە نابەجێ و ناشایستەن تەنها چارەسەر بۆیان، لەبیرکردن و وەڵام نەدانەوە، هەروەها گوتیشـــی: ئەی ئەگـــەر لەبیریان نەکەین چ بکەیـــن؟ لەبیرکردن هۆکارێکە تا بتوانین ئاسوودەو تەبا بژین، بێ گرفت و چارەسەری.

(تابان) باســـی لەوەش کرد لێکۆڵینەوەکانی واری زانستی دەروونناسی گەیشـــتوونەتە ئەو ڕاستییەی لەبیرکردن هێگجار گرنگ و پێویســـتە، هەرگیز نابێ مرۆڤ سڵ بکاتەوە لەسەر خۆڕاهێنان لەسەری.

- بەڵام بەبۆچوونی مامۆســـتا (هیوا ڕەشید) لەبیرکردنی ئازیزان زۆر ئەســـتەم و قورســـە بۆیە دەڵێت: هەمیشـــە دڵم لەگەردەکانی ڕۆژگار پاك دەکەمەوە و شتی خراپ لە دڵمدا ناهێڵم، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـــدا زۆر شت هەن لە دڵی مرۆڤ ناچنە دەر، هیوا گوتی: جاری واهەیە بەهۆی هەندێ حاڵەت کە بەسەرماندا دێت تووشـــی لەبیرکردن دەبین و نازانین چی دەکەیـــن و چیمـــان کردووە، بەڵام هەرچۆنێـــك بێ نابێ بێ وەفابیـــن و دۆســـتەکان یان هەندێ یادەوەری شـــیرینی ژیان لەبیر بکەین، مامۆســـتا گوتیشـــی: ئەوەتا چەند ساڵە دایکم وەفاتی کردووە بەڵام بەهۆی پەیوەنییە ڕۆحی و مرۆڤانەکەیەوە نەمتوانیوە لەبیری بکەم.

- (فاتیمـــە حەســـەن) یەکێکە لـــەو ئافرەتانەی کە خۆی گوتەنـــی زۆر شـــتی لە یاد دەچێتەوە و دەڵێـــت: زۆرجار کارێکیان پێ ڕاســـپاردووم یان خۆم وەعـــدم داوە کارێك بکەم بۆ یەکێك لە دۆســـتەکانم یان منداڵەکانم، بەڵام دواتر لەبیرم کردووە و کاتێك پێیان گوتووم نەمزانیوە چیان وەڵام بدەمەوە، چونکە جارێك و دوان نەبووە، (فاتیمە) هێمـــای بۆ ئەوەش کرد: مـــرۆڤ ناتوانێ هەمموو شـــت لەبیر بکات مەگەر زۆر کەمتەرخەم بێ، زۆر سەردانی پزیشکم کردووە ئەویش هەمموو هۆکارەکانـــی گەڕانـــدەوە بۆ نیگەرانیم، خۆ ئێمەی ئافرەتیش ئەوەندە لە چوارچێوەی ماڵداین شوێنێك نییە دڵنەواییمان پێ ببەخشێ.

- بـــە بۆچوونـــی (ئومێد عەبدولـــڕەزاق) ی قوتابییش لەبیرکردن لە هەندێ حاڵەت زۆر ئاســـوودەییت پێ دەبەخشێ بۆیە دەڵێت: وەکو خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە هەمیشە شت لەیاد دەکەم و زۆر زاڵم بەسەر خۆشمدا، بەڵام بەداخەوە زۆرجار هاوڕێکانم ئەو حاڵەتەیان ڕەچاو نەکردووە و هەمیشە بوغزاوی بوونەو لایەنە ئیجابییەکانیان لەیاد کردووە بێگومان دیارە ئەوەش سیفەتی مرۆڤی لەخۆبایی و خۆویستە.

- (نازێ وەتمان) یش تەمەن (٢٦) ساڵانە گوتی: پێویستە مرۆڤ لەبەر باری تەندروستی هەمموو شتێك بەهەند وەرنەگرێ و لەبیر خۆی بباتەوە باشە، بەڵام پرسیاری ئەوەشی کرد: مرۆڤ چـــۆن دەتوانێ خیانەت لەبیر بـــکات؟ بە تایبەتی کە لەلایەن کەســـانی نزیك یان ئازیزێکت لێت بکرێ،یان مەرگی ناوادەی کچێکی ئازیز، ئەو پێی وایـــە ئەو حاڵەتانە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕێ و جیاوازی هەیە، (نازێ) گوتیشی: زۆرجار کە لەماڵەوە هەڵســـوکەوتێك دەکەم گەر هاوسەرەکەم بەدڵی نەبێ تا ماوەیەکی دوورو درێژ لەبیری ناکات بێگومان هەر بە قســـەی (نازێ) ئەوە کاریگەری خراپ دەکاتە سەر ژیانی هاوسەری و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد.

- (ئەحمەد قادر)یش سەبارەت بە باسەکەمان گوتی: هەمموو مرۆڤێك خاوەن هەســـت و نەســـتە، بەڵام قەت قسەی ناشیرین یان ئەو کەســـانەی کە بەرامبەرم ڕق و کینەیان نواندووە ناتوانم بێدەنـــگ بـــم و دڵم لە گەردی وان پاك بکەمـــەوە، بۆ نمونە ڕۆژێکیان یەکێ لە دراوسێکانم قسەیان بە منداڵەکانم گوتبوو کە پرسیارم کرد یەکێکی بەتەمەن و خاوەن ژن و منداڵ بوو بۆیە ئەو قســـانەی ئەو بە منداڵەکەمی گوتبوو من هەر لەیادمن، هەروەها پێشـــی وابوو کە ســـەر قاڵی و کاری زۆر یارمەتی دەرن بـــۆ لەبیرکردنی شـــتە ناشیرینەکان.

- دواجار کۆمەڵناس (نەژاد پیرۆت) لە چەند ڕوویەکەوە شیکردنەوەی بۆ باسەکەمان کـــردو گـــوتـــی: لەبیرکردن دوولایەنی هەیە، لەبیرکردنی شتی بـاش کارێکی ئیجابی نیە، چونکە سروشتی مرۆڤ بە یادەوەری و وەفاوە ڕازاوەیە نەك چاکو خراپ بەیەك چاو تەماشا بکرێت، (نەژاد) گوتی: ئەوانەی کە زیاد لە پێویست شت لەیاد دەکەن، بێگومان لە بوارێکی نـا ئاسایی دەژیەن حەتـمەن گـرفـتـاری شتێکن، لەبیرکردنی زۆر مانای ئەوە نییە میکانیزمێکی سەرکەوتووە بـەڵـکـو لـەوانـەیـە کۆمەڵ بەکەسێکی کەمتەرخەم تەماشا بکات.



**لەبیرکردن نیعمەتی خواوەندە دڵ و دەروون لە ژەنگی ڕۆژگار خاوێن دەکاتەوە**

**گەر لەبیرکردن نەبوایە ژیان مەحاڵ بوو**

# فیتنەی نێو خێزان



■ ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بوو، کە چوار پێنج کەسی بریندار لە ڕێی پۆلیسەوە، گەیاندرانە نەخۆشخانەی فریاکەوتن کە لە نێوانیاندا کەسێکی کوژراویش هەبوو. چوار پێنج کەسەکە هەر یەکە و شوێنێك یان زیاتریان بریندار و بە خوێن بوو.

پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانە، لە ژێر چاودێری پۆلیسەکان خەریکی تیمارکردن و چارەسەرکردنیان بوون.. دوای چارەسەرکردنیان بەپێی ڕاپۆرتی پزیشك دەرکەوت کە بریندارەکان حاڵیان ترسناك و شڕ نییە کە پێویست بکات لە نەخۆشخانە بخەوێنرێن تەنیا یەکێکیان نەبێ، بۆیە بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیانی ڕێکخست و برایە بەردەم دادوەری ئێشکگر، ئەویش بڕیاری بەندکردنی بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێکیانی دا تاوەکو دادوەری تایبەتمەند دەیبینێ.

ئیتر دوای نزیکەی کاتژمێرێك مانەوە لە نەخۆشخانە، ڕەوانەی بەندیخانەی محەتەکران. ئەمانە کەسوکاری دوو بەرەباب بوون و بە ژن و ژنخوازی خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبوو.. ■

# ژنێک دەبێتە هۆکاری شەڕی نێوان دوو خێزان و گیان لە دەستدانی کەسێک

## سەرهەڵدانی ناکۆکی بەهۆی دابەشکردنی بەشەمیراتەوە

(نەرمین) دوو سێ ساڵێك بوو لەگەڵ (حەسەن)ی ئامۆزای زەماوەندی کردبوو.. بەڵام دوای بەسەرچوونی نزیکەی سێ ساڵان بەسەر هاوسەرێتیان، لەسەر بەشە میرات دەبێتە ناکۆکیان. ناکۆکییەکەیان لەوەدابوو کە باوکی (نەرمین) موڵکێکی بە میرات بۆ بەجێ دەمێنێ کە هی باپیریان بووە، بەڵام باوکی (نەرمین) بەر لە مردنی ئیدارەی ئەو موڵکەی کردووە. کە دەشمرێ، براکانی (نەرمین) هەوڵدەدەن موڵکەکە بفرۆشن و تەنیا بەخۆیان وەریبگرن واتە لە نێو خۆیاندا دابەشی بکەن بێئەوەی بیدەنە میراتگرەکانی تر کە (حەسەن) و براکانی دەگرتەوە.. (نەرمین) لە بەشە میراتی خۆی خۆش دەبێ بۆ براکانی خۆی، بەڵام (حەسەن) داوای بەشی خۆی دەکات. هێشتا میراتەکە نەفرۆشراوە ئێوارەیەکیان (حەسەن) و (نەرمین) لەسەر ئەو بابەتە دەکەونە قسە و وردە وردە قسەکانیان تووند و گرژ دەبێ و دەبێتە دەمەقاڵێ و لەو مشتومڕانەیان (نەرمین) بە (حەسەن) دەڵێ: تۆ کابرایەکی پوولەکی و چاوت لە بەشە میراتێکە کە لە راستیدا تەنیا هەقی بابم و براکانمە، بە چ حەقێك داوای میرات دەکەی.. ئیتر بەردەوام دەبێ لە قسە پێگوتن و هێرش کردنە سەر حەسەنی مێردی. تا دەگاتە ئەو رادەیەی حەسەن چیدیکە بەرگەی قسەکانی ناگرێ و شەقەزللەیەکی توند لە بناگوێی نەرمین دەدات. ئەویش دەیکاتە قیژە و هات و هاوارێکی زۆر و یەکسەر تەلەفۆنێك بۆ براکانی دەکات و ئیشەکە زۆر لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە دەکات و دەڵێ وەرن وا حەسەن کوشتمی و دەردەپەڕێ و دەچێتە پێش دەرگای ماڵەکەیان. حەسەنیش کە زانی ئەوان وادێن، ئەویش تەلەفۆن بۆ براکانی خۆی دەکات. دوای ماوەیەکی کورت براکانی حەسەن دەگەنە ماڵیان، هەر یەکە و دارێکی ئەستوور یا بۆڕییەك لەگەڵ خۆی دێنێ. پاش گەیشتنی ئەوان، براکانی نەرمینیش دەگەنە شوێنەکە و ئەوانیش وەکو ئەوان خۆیان چەکدار دەکەن.

هەر کە دەگەنە بەرامبەر یەکتری یەکسەر بێ پرسیار لە یەك کردن و بێ ئەوەی کەس دەرفەت بەوی تر بدات بزانێ مەسەلە چییە، پەلاماری یەکتر دەدەن و هێرش دەکەنە سەر یەکتری. ئیدی بەناو یەك دەکەون و سەروپۆتەڵاکی یەك لە خوێن وەردەدەن و یەکێك لە براکانی نەرمین دەمانچەیەکی پێ دەبێ، لەناو شەڕەکەدا دەمانچەکە دەردێنێ و تەقە لە براکانی حەسەن دەکا دوو کەس بریندار دەبێ، یەکێکیان دوای چەند خولەکێك هەر لەوێ گیان لە دەست دەدات، ئەویتریشیان بە گوللەیەك پێیەکی بریندار دەبێ، ئەوانە بەو شێوەیە خەریکی لێکدان و شەڕ دەبن تاوەکو خەڵکی گەڕەك و پاشانیش پۆلیس لێکیان دەکەنەوە. پۆلیس هەر هەموویان دەگەیەنێتە نەخۆشخانە، دواتر تەنیا ئەو کەسەیان نەبێ کە گوللەیەکی بەر پێی کەوتووە ئەوانیتر، دەبەنە بەندیخانە..



## روون بوونەوەی کێشەکە

دوای دەستگیرکردنی هەردوولا، پاش چەند رۆژێك هۆی شەڕەکە بۆ دادگا روون دەبێتەوە. ئینجا (نەرمین)یش دەستگیر دەکرێت، چونکە حەسەن و براکانی سکاڵایان لە دژی ئەویش تۆمارکردبوو. ئینجا لەبەر ئەوەی تاوانی کوشتن لەناو کێشەکەدا دەبێ، بۆیە براکانی حەسەن لە رێی خزمانیان پارێزەرێك دەگرن. پاشان کە هەردوولا هێور دەبنەوە، دادگا بڕیاری ئازادکردنی

حەسەن و براکانی دەدات بەشێوەی دەستەبەری تا یەکلایی بوونەوەی کێشەکە. براکانی نەرمینیش بۆ خۆیان پارێزەر دەگرن، بەمشێوەیە هەردوولا هەوڵدەدەن لە کێشەکە دەربچن بێ ئەوەی لێی تاوانبار بن. پارێزەرانی هەردوولا پێشنیار دەکەن کە خزمانی هەردوولا بە ئامادەبوونی پیاو ماقوڵ و ردێن سپیانی هەردوولا دانیشن و هەوڵبدەن بزانن هۆی راستەقینەی شەڕەکە چییە، بەڵکو بتوانن بگەنە رێکەوتن و پێکهاتن. ئەوەبوو چەند جارێك بە هەوڵی خێرخوازان خزمانی هەردوولا بەیەکەوە دانیشتن و دەرکەوت مەسەلەکە تەنیا نەرمینی ژنی حەسەن فیتنەکەی هەڵکردووە و بۆتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە گەورەیە. هەردوولا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەکرا مەسەلەکە بەرێی گفتوگۆی خزمانە چارەسەر بکەن و هەر کەسە و مافی خۆشی وەربگرێ و مەسەلەکەش بەو رادەیە نەگەیشتبا. کەچی کار گەیشتە ئەو شتەی کە پێی گەیشت. هەمووش هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە با لەوەندە زیاتر تەشەنە نەکات و کێشەکە ئاڵۆزتر و ترسناکتر نەبێت.



## چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام چۆن..؟

چارەسەرکردنی کێشەکە ئاڵۆزبوو، بەڵام خواستی هەردوولا هۆکاری کۆتایی پێهێنانی بوو.. هەر وەك پارێزەر (ن.خ.س) دەڵێ: هەردوو بنەماڵە دوای ئەوەی کە لەسەر شتێکی پووچ کە دەکرا بە قسە و گفتوگۆیەکی سادەی نێوانیان ناکۆکییەکەیان چارەسەر بکەن بێ ئەوەی بگاتە رادەی نەك شەڕکردن بەڵکو تەنانەت زویربوونیش، بەڵام ئیدی لایەنی ژنەکە هەڵچوون و نەیانتوانی دان بە خۆیاندا بگرن، لایەنی پیاوەکەش کە ناچاربوونە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەگژیەکداچوونە و ئەوەی نەدەبوو بقەومێ قەوما. لێرە (نەرمین) هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد کە کێشەکەی گەیاندە ئەو ئاستە. چونکە دەبوایە بیزانیایە، ناکۆکی ئەگەر لەسەر پارە و ماڵ بوو دەکرێ بەبێ شەڕ و لێکدان و گەورەکردن چارەسەر بکرێ. پاشان دوای ئەوەی شەڕەکە قەوما و ئەو رووداوە ناخۆشەی لێکەوتەوە، کەسوکاری (نەرمین) گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە براکانی حەسەنیش مافی خۆیانە، چ بە شەرع و چ بە یاساش بەشە میراتی خۆیان کە بەبەریان دەکەوێ وەربگرن، کە ئەو لێکنەگەیشتن و کەللەرەقییەش رووداوە بە ناهەق کردوویانە و غەدریان لێکردوون.. هەر چۆنێك بێت هەردوولا پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە حەسەن و براکانی بەشە میراتەکەی خۆیان وەربگرن، قەرەبووی خوێنی برا کوژراوەکەشیان بدەن و ئاشتەواییەکی راستەقینە بکەن، خەرجی چارەسەرکردنی ئەو برایەی حەسەن کە بە گوللە بریندار بوو، لەگەڵ قەرەبووکردنەوە بدەن.. هەردوولاش لە دادگا ئاشتەوایی بکەن و لە یەك خۆشبن. سەبارەت بە بکوژەکەش با بەپێی یاسا سزای خۆی وەربگرێ. جا بە حوکمدانی بێت یان ئازادکردنی بێت..

ئیتر دوای ئەوەی ئاگری شەڕەکە کوژایەوە و باری هێمن و ئارامی بۆ هەردوو خێزان گەڕایەوە، دوای ماوەیەك (نەرمین) ئازاد کرا، وەکو پێشتریش بنەماڵەی هەردوولا لەسەری پێکهاتبوون کە حەسەن (نەرمین) بگەڕێنێتەوە لای خۆی و شیرازەی خێزانەکەیان هەڵنەوەشێتەوە و لە (نەرمین) خۆشبێت. ئیدی کە (نەرمین) گەڕایەوە حەسەنیش، وەك بەڵێنی دابوو لێی خۆش بوو، ئەویش بەڵێنی دا کە ئەو کارەساتە بۆی ببێتە وانە و پەندێك، جارێکی تر هەڵەی وەها زەبەلاح ببڕای ببر نەکاتەوە و وەك پەندێك بۆ منداڵەکانیشی بگێڕێتەوە و هەرگیز منداڵەکانی لەسەر درۆکردن و شت گەورەکردن و هاندانی بە ئەنقەست و فیتنە و ئاژاوەنانەوە و خۆپەرستی، پەروەردە نەکات.

ئینجا دوای ئەوەی دادگا بە سێ ساڵ حوکمی ئەو برایەی نەرمینی دا کە یەکێ لە براکانی حەسەنی کوشتبوو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆری حوکمەکەی لە بەندیخانە بردە سەر، بەبەرلێخۆشبوونێکی تایبەت کەوت. ئەویش دوای ئەوەی براوکەسوکاری حەسەن لێی خۆش بوون و گەردن ئازادی کرا، گەڕایەوە سەر کاروکاسبی خۆی و بڕیاریدا بۆ هەتاهەتایە توخنی دەمانچە و هیچ چەکێکی وەها کوشندە نەکەوێتەوە کە لە کاتی هەڵچوون و تورەیی، کارەسات بە مرۆڤی هەڵچوو دەخولقێنن.



**نەرمین و حەسەن لەسەر بەشە میراتی بنەماڵەکەیان دەبێتە شەڕ و مشتومڕیان**


چ جیاوازی هەیە
ئەگەر (نۆبەرە) کچ بێ یا کوڕ؟



**(کوڕ یا کچ) هەردووکیان جگەرگۆشەی دایك و باوکن، هەردووکیان پارچەیەکن لە جەستە و گیانی باوانیان، لە راستیدا چ جیاوازییەکیان بۆ ئەوان نییە. کەچی لەسەر زەمینی واقیعیشدا، زۆرجار بەشێوەیەکی دڵڕەقانەش جیاوازی کراوە و دەکرێ. تەنانەت بۆتە مایەی کێشەی گەورە بۆ هەندێ لە ژنان... پیاو هەبووە زۆری حەزی لێبووە نۆبەرەکەی (کوڕ) بێت، بەڵام هاوسەرەکەی کچی بووە، ئیدی کابرا چاوی چۆتە پشتی سەرییەوە، جا یا بە شکاندنەوە و بە چاودانانەوە منداڵە کچەکەی لە ژنەکەی قبوڵ کردووە، یانیش کردوویەتییە**

**تویژەرێکی کۆمەڵایەتی: بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردە ئەو زهنییەتەش دەگۆڕێ**

شتێکی سروشتییە ئەگەر پیاوێك حەز بکات یەکەم منداڵی کوڕ بێت، بەڵام ئەوەی کە سروشتی نییە ئەوەیە پیاو کە نۆبەرەکەی کوڕ نەبوو ئیدی بیکاتە کێشە و ژنەکەی پێ ئازار بدات. هەروەها زۆرێك لە ئافرەتان لەو بڕوایەدان کە ئەوەندەی پیاو گرنگی بەم مەسەلەیە دەدات ئافرەت ئەوەندە گرنگی پێنادات. هەروەك خاتوو (هێرۆ کەریم) دەڵێ: بە بڕوای من بەشی زۆری پیاوان بە دڵ حەز دەکەن نۆبەرەکەیان کوڕ بێت. من کە سێ منداڵم هەیە، ٢ کوڕ و کچێك لەسکی یەکەممدا مێردەکەم گوتی زۆر حەز دەکەم نۆبەرەمان کوڕ بێت، ئیدی خوای دەکرد سکەکانی ترت هەمووی جمکەی کچ دەبوون، چ کێشەیەکم نییە. ئیدی ئەوەبوو، سکی یەکەمم کوڕ بوو، ئەوسا کە هەواڵەکەیان پێدا، دواتر بۆیان گێڕامەوە، گوتیان لەخۆشیان سەمای دەکرد. پاشتر کە لێم پرسی ئەرێ پیاوەکە راستە گوتیان کە گوێت لێبوو نۆبەرەمان کوڕ بوو سەمات کردووە، گوتی ئەرێ وەڵڵا سەمام کرد و هەڵپەڕکێشم کرد. ئیجا سکی دووەمیشم هەر کوڕ بوو، ئەوسا بە تەواوەتی دڵی خۆش بوو و چ کێشەیەکی نەماوە، کە سکی سێیەمم کچ بوو، چ بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدا، بۆیە ئەو بڕوایەم لەلا دروست بووە پیاوێك نابینی کە زۆری حەز لە منداڵی کوڕ نەبێ، مەگەر بە دەگمەن نەبێت.

هەروەها خاتوونێکی تر بە ناوی (نەزیهە عەبدولڕەحمان) مامۆستای دواناوەندی، لەو بڕوایەدایە، چونکە پیاو، خۆی رەگەزی نێرە و هەر لەو ساتەی کە لە دایك دەبێ و تا گەورە دەبێ بە دیوێکدا کە خۆی کوڕە هەمیشە نازی زیاتری پێدەدرێ و جێگە و مەقامی گەورەتری دەبێ لەناو خێزاندا، بە دیوێکی تریشدا لەسەر (نێرایەتی) بوونی خۆی و بە گرنگ زانینی ئەو نێرایەتییە پەروەردە دەکرێ و ئیتر ئەم پەروەردەیە دەبێتە بەشێك لە کەسایەتی ئەو مرۆڤە. ئیتر (هەروەك خاتوو نەزیهە) دەڵێ: بۆیە ئەو کوڕە کە بەهۆی لە دایکبوونی نۆبەرەکەی و پێش ئەو ماوەیەش، هەستی خۆشحاڵ بوونی خۆی بە لەدایکبوونی منداڵێکی نێرینە وەك باوکێك دەردەبڕێ، شتێکی سروشتییە و دەرهاوێشتەی ئەو پرۆسەی پەروەردەیە کە ئەو مرۆڤە تیایدا گەورە بووە. بۆیە بەڕای من مەگەر رۆشنبیربوون و بەهۆی هەندێ مەسەلەی دیکەوە ئەو هەستەی لەلا کەم بێت ئەگەر نا پیاو لەو مەسەلەیەدا زۆر کارتێکراوە بەو کولتوورەوە، کە کولتوورێکی خێڵەکیانەیە. من مێردەکەم، کە ئەویش دەرچووی زانکۆیە، هەستی خۆی لەمەڕ ئەوەی کە حەز دەکات نۆبەرەمان کوڕ بێت نەدەشاردەوە بەڵام زۆر جاریش دەیگووت، خۆ ئەگەر کچیش بێت کێشەیەك نییە. کەچی هەر لەو قوتابخانەیەی کە من وانەی تیادا دەڵێمەوە، ژنە مامۆستایەکی هاوڕێمان هەبوو، کە تازەساڵێك بوو مێردی کردبوو، کاتێك نۆبەرەکەی کچ دەبێ، مێردەکەی هەڵدەچێ و تەڵاقی دەدات، بەڵام دوای دوو هەفتە پەشیمانی دەکەنەوە و تەڵاقەکەی لای مامۆستایەکی ئایینی چاك دەکاتەوە، بەڵام ئەم مامۆستایە کە زانی مامۆستاکانی هاوڕێی زانیویانە بە کێشەکەی خۆی و مێردەکەی کە لەسەر شتێکی چەند بێ ماناش بووە، لە شەرمان خۆی بۆ قوتابخانەیەکی تر گواستەوە.



**بەزم و هەڵڵایەك ژنەكەی تامی خۆشی و شیرینی لەدایكبوونی یەكەمین منداڵی لیبۆتە ژەهری تاڵ. ئیدی هەشە تەنیا گرژومۆن بووە و لە چاوەڕێی سكێكی تری ژنەكەیدا قەهری ناو دڵی خواردۆتەوە. تۆ بڵێی ئەگەر نۆبەرە (كوڕ) بێت بۆچی هێندە بایەخی هەیە، ئەی ئەگەر كچ بوو، چ جیاوازییەكیان هەیە، ئاخۆ هەردووكیان بەندەی خودا نین..؟ ئایا دەتوانین بە چاوێكی مرۆڤانە تەماشای هەردووكیان بكەین و ئەو جیاوازیكردنە لە بیرومێشكمان، لە دڵ و دەروونمان بسڕینەوە.. چۆن؟**

كێشەكە ئەوە نییە تەنیا پیاو حەز دەكات، بەڵكو وەك هەندێ لە ئافرەتان و پیاوان دەڵێن ئافرەتیش هەیە حەز دەكات نۆبەرەكەی كوڕ بێت. هەوەك خاتوو (ئیڤان جەلال) دەڵێ: هەندێك ئافرەت هەن، لە پیـــاوان زیاتر حەز دەكەن نۆبەرەیان كوڕ بێت. تەنانەت ئافرەتی وا هەبووە كە نۆبەرەكەی كوڕ بووە، وەك ئەوەی سەرمایەكی مادی و مەعنەوی گەورەی دەستكەوتبێت، خۆی بە نۆبەرەكەی لە پێش ئافرەتانـــی دی باداوە و نازی پێكـــردووە. هەندێك ئافرەتیش بۆ ئەوەی تووشـــی سەریەشە نەبێ لەگەڵ مێرد و ماڵە خەزوورانی، حەز دەكات نۆبەرەكەیان كوڕ بێت.

(یونس محەمەد) كە پارێزەرە پێی وایە بەشێك لە ئافرەتانیش، وەكو غەریزەیەك، پێیان خۆشـــە كوڕیان بێـــت. بەو پێیەی كوڕ نیشـــانەی پشـــت و پەنایە بۆ دایك و باوك، بێگومان كولتووری گوندنشین زیاتر گرنگی بە رەگەزی نێرینە و بایەخی ئەو رەگەزە خێزان دەدات. بەڵام لە شارەكان ئەو بایەخە كەمتر دەبێتەوە و جۆرێك لە یەكسانی لە تەماشاكردنی هەردوو رەگەزەكە دەبینرێ.

مـــرۆڤ هەر مرۆڤە،چ نێر بێـــت، یا مێ، نرخی خۆی هەیە و ژیان و بوونەكەی هەر پیرۆزە و هیچ جیاوازیەكیشـــیان نییە، ئەمە قســـەی (سامی لەتیف برا)یە. ئەو لەو بڕوایەدایە كە ئەوە دابونەریتی كۆمەڵایەتی و عەقڵیەتـــی تاكەكانە ئەو جیاوازییە نامرۆڤانەیـــە دروســـت دەكات و دەیكاتە بەشـــێك لە پەروەردەی تاكەكان. ئەگەر نۆبەرە كوڕ نەبێ ئایا هیچ شتێك روودەدات، ئایا دنیا دەڕووخێ بێگومان نەخێر. ئەمە پەروەردەیەكی دواكەوتووانە و سەرەتاییانەیە و پێویستە نەمێنێ..

بە هەمان شـــێوە (رەوەز عەبدولكەریم)یش لەو بڕوایەدایە كە ئـــەو جیاوازیكردنە شـــتێكی ناڕەوایە.. ئەو دەڵێ: پێم ســـەیرە مرۆڤ لەم زەمەنەدا هەبێ و بەو جۆرەش بیر بكاتەوە. ئاخر ئەو منداڵەی كە دەیبێ جگەرگۆشـــەیەتی، جا كوڕ بێ یان كچ. نازانم مرۆڤ چۆن دڵی دێت جیـــاوازی لە نێوان منداڵەكانی بكات و ئەگـــەر نۆبەرەكەی كچ بێ دڵی پێ تەنگ و نائارام و نیگەران بێت.

ئەم هەســـتە لای پیاو، وەك لە پێشەوەش گوتمان دەرەنجامی پەروەردەیەكی هەڵە و دواكەوتووانەیە، كە پەروەردەی نێرسالارییە، ئەگینـــا ئەگەر هەردوو رەگەز بەیەك چاو، وەك دوو رەگەز كە هەردووكیان مرۆڤن و تەواوكەری یەكترن تەماشـــا بكرێن، ئەو جیاوازی پێكردنەش نامێنێ.

خاتوو (پەروین حوســـامەدین) كە توێژەرێكی كۆمەڵایەتییە، جەخت لەســـەر ئەوە دەكاتەوە ئەگەر توانیمان هوشـــیارییەكی دەروونـــی و كۆمەڵایەتـــی لای نەوەی نوێ دروســـت بكەین، لەناو خێزان و دواتر قوتابخانە و سیســـتەمی پەروەردەییماندا، بە چاوێكی یەكسانیەوە و بەڕێزەوە سەیری رۆڵ و پێگەی هەردوو رەگـــەز، هەر لە منداڵییەوە بكەیـــن، ئەگەر دایك و باوك لایان گرنگ بێ كە منداڵێكی تەندروســـت و لەشساغیان ببێ، جا كوڕ بێ یا كچ، ئەگەر لەناو قوتابخانەكاندا هەر لە سەرەتاییەوە تـــا زانكۆش كچ و كوڕ تێكەڵاو بـــن و هەمان رۆڵیان پێبدرێت ئیدی دەتوانین بەسەر ئەو زیهنیەتەدا زاڵ بین و وەكو نەریتێكیش ریشەكێشی بكەین..

**هەندێک ئافرەت بۆ ئەوەی لەگەڵ مێرد و ماڵە خەزوورانی تووشی گرفت نەبێ حەز دەكات نۆبەرەكەی كوڕ بێ**